


# ٦ی فیبرایەرو هەرێمی کوردستان!

**فەلاح مرادخان شاکرم★**

لەلایەن لیژنەی وڵاتە ئەفریقیەکان لەساڵی ٢٠٠٣ کۆنفرانسێك رێکخرا بۆ رووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە، لەجیهاندا، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی رێکخراوە جیهانیەکانو نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاردرا رۆژی ٦ی فبرایەر تەرخان بکرێت وەك رۆژێکی جیهانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە، دواتر لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەفەرمی ئەم رۆژە دیاریکراوە ناونرا بە "International Day of Zero Tolerance of Female Genital Mutilation (FGM)" رۆژی جیهانی سفرکردنەوەی دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە.

جێی ئاماژەیە ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنانو ٢٥ی نۆڤەمبەریش رۆژی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرانبەر مێینە لە رۆژە تایبەتیەکانی مافەکانی ژنان دادەنرێن لەسەرانسەری جیهاندا.

لەچەند ساڵی رابردووشدا هەڵمەتێکی هۆشیاریو راگەیاندن لەئاستی ناوخۆو دەرەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی خەتەنەکردنی مێینە لە کوردستانو قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە بەیاسا ئەنجامدرا، بەشێوەیەکی فەرمیش لە ٢٠٠٧/٣/٨ یاداشتێك ئاراستەی دەسەڵاتە باڵاکانی هەرێم کرا، هاوکات هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی ئاماری ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردوستانو ئامادەکردنی یاسایەکی تایبەتیو ئاراستەکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدران.

بەڵام ئەوەی کە جێی پرسیارو سەرسوڕمانە حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەشێکی زۆر لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو ژنانو نوسەرانی ئازادیخوازو میدیاکان لەبەرانبەر ئەم دیاردە نامرۆییەدا بێدەنگییان هەڵبژاردووە! پەرلەمانی کوردستانیش دوای هەموو بەڵێنە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانیان بۆ دەرکردنی یاسایەك بەکۆی دەنگ «شەرمیان لەباسکردنی بابەتەکە کرد»، ئەو یاسایەی کە لەلایەن لیژنەی مافی ژنان پێشنیارکرابوو دوای ئاماژەپێدانی لەپەرلەماندا هەمولایەك لەبیرخۆیان بردەوە.

تائەمڕۆش لەهەرێمی کوردستاندا قەناعەتێکی گشتی هەیە کە باسکردنی خەتەنەکردنی مێینە لەدونیای دەرەوەدا کاریگەریەتی سلبی دەبێت لەسەر ناوبانگی کورد، ئەوانەی ئەم قەناعەتەیان هەیە بۆ یەك چرکەش بیریان لەو تیرۆرە نەکردووەتەوە کە بەناوی «سوننەتەوە» رووبەڕووی مێینەی ئەم وڵاتە دەبێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەمڕۆ لەدونیادا واباوە هەرکەسێك کار لەسەر نەهێشتنی دیاردە خراپەکانی ناو کۆمەڵگەو دامەزراوەکانی خۆی بکات بەشێوەیەکی ئیجابی باسدەکرێت نەك سلبی، هەر بەنموونە «مایکڵ رۆبن» لەبارەی گەندەڵیو بەفیرۆدانی پارەی ئەم وڵاتە چۆن بەسلبی باس لەئیدارەی کوردی دەکات، هەر هەمان «ماپکڵ روبن» لە «National Review» لەبەرواری ٢٠٠٧/٣/٦ لەبارەی هەوڵەکانی بنبڕکردنی خەتەنەکردنی مێینە لەکوردستان وتارێك دەنوسێت لەژێر ناوی (نیشانەیەکی باش لەهەرێمی کوردستانەوە)، خوێنەر دەتوانێت بەئاسانی لێکدانەوە بۆ ئەم دوو بۆچوونە جیاوازەی نوسەر بکات، بۆ ئەو کەسانەش کە پێیانوایە باسکردنی خەتەنەکردنی مێینە کاریگەریەتی دەبێت لەسەر ناوبانگی کورد من خۆشحاڵ دەبم ئاگادارییان بکەمەوە کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوو بەهەزاران بابەت لەکەناڵو میدیاکانی جیهانو سایتی ئینتەرنێت لەسەر خەتەنەکردنی کچان لەکوردستان بڵاوکراوەتەوە لەبەناوبانگترین ئەو کەناڵانەش: (Middle East Quarterly, AFP, KurdishMedia, Time Magazine, CeiberWeiber, The Australian, Yeni Özgür Politika, National Review, IRIN News, The World, BBC News, The Irish Times, The Washington Times, The Daily Aztec)

بابەتو وێنەکانی واشنتۆن پۆستیش کە لە ٢٠٠٨/١٢/٢٩ لەلایەن ئەمیتری پالی بڵاوکرایەوە، هەموو ویژدانێکی زیدووی هەژاندو سەرجەم کایە مەدەنیو مرۆییەکانی هەرێمی کوردستانی خستە بەردەم گەورەترین پرسیار کە ئەمڕۆ لەدونیادا لەهەر مرۆڤێکی کورد دەکرێت ئەویش ئەوەیە "چۆن رێگە بەم تاوانە گەورەیە دەدەن؟".

نوسەرێکی جیهانی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم راپۆرتە پێی راگەیاندم لەدوای ٢٠٠٣ کورد ئەو چانسەیان هەبوو جیاواز لەوڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببن بەمۆدێلێك بۆ مافو کایە دیموکراتیەکان! مۆدێلێك وڵاتانی دواکەوتووی ئەم ناوچەیە سوود لەئەزمونەکانیان وەربگرن لەسەرجەم بوارەکان بەتایبەتی بوارەکانی پەرەپێدانی مرۆڤو مافو ئازادییەکان، بەڵام! هەمان نوسەر وتی "ئەو چانسە لەدەست چوو" وێنەی کورد ئەمڕۆ وێنەی قەسابێکە بۆ کوشتنی ژنانو بێمافی بەرانبەریان! دیاردەکانی خۆسوتاندنو خەتەنەکردنی مێینەش لەدیاردە هەرە ترسناکەکانن و لەم کۆمەڵگەیەدا روودەدەن!

هەربۆیە دەبێت بپرسین کامە دەستکەوت لەشاردنەوەی خەتەنەکردنی مێینە وەدەست هاتو لەبەرژەوەندی کێدایە ئەم تاوانە بەردەوامی هەبێت؟

ئەو ئامارانەی لەماوەی رابردوو لەرۆژنامەی **هاوڵاتی** بڵاوکرانەوە لەهەر وڵاتێکی دیکەی دونیادا بوایە وەزارەتەکانی «مافی مرۆڤ، پەروەردە، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئەوقاف، کۆمەڵگەی مەدەنیو ژنان»و چەندین دەزگای دیکەی دەهەژاند! هەر هیچ نەبوایە لایەنێك، وەزارەتێك، دەزگایەکی خەمخۆر پەیوەندی بەسەرچاوەی ئامارەکانەوە دەکردو لەڕاستیو ناڕاستی ئەم ئامارانە پرسیاری دەکرد! بەڵام تائێستاش هەموو هەر بێدەنگن! ئەو لایەنو دەزگاو وەزارەتانەی کە هەموو ساڵێك هەڵایەکی گەورە بۆ رۆژی ژنانو بیستو پێنجی نۆڤەمبەرو موناسەبە تەشریفاتییەکانی دیکە ئەنجامدەدەن ئەمڕۆ لەبەرانبەر «گەورەترین تاوانو خەتەنەکردنی کچاندا» تەنها بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

لەکاتی ئێستاشدا هەوڵێك لەئارادایە بۆ ناساندنی فەرمی هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەك کە خەتەنەکردنی مێینەی تێدا ئەنجامدەدرێت ئەگەر ئەم هەوڵە بەرهەمی هەبێت لەداهاتوودا هیچ کوردێکی دانیشتووی وڵاتە ئەوروپیو پێشکەوتووەکان ناتوانن لەسەردانکردنی کوردستان کچەکانیان کە لەخوار تەمەنی هەژدە ساڵیەوەن لەگەڵ خۆیاندا سەفەر بکەنەوە لەبەر مەترسی خەتەنەکردنیان، هەربۆیە کاتی ئەوەیە ئەو یاسایەی لەپەرلەمان ئامادەکراوە بجوڵێنرێتو بەیاسا خەتەنەکردنی کچان قەدەغە بکرێت بۆ رەواندنەوەی هەموو گومانەکان.

٦ی فبرایەری ئەمساڵ یادێکە، هەقوابوو بۆ دەستخۆشیو شانازی ئێمە بوایە بۆ کۆتاییهێنان بەم دیاردەیە بەڵام کارێکی ئەوتۆ نەکراوە، هەرچەندە جێی خۆیەتی ئاماژە بەتاقە لایەنی راگەیاندنی سەربەخۆ «رۆژنامەی **هاوڵاتی**» بدرێتو دەستخۆشییان لێبکرێت بۆ کۆمەکی ئەم هەڵمەتەو بڵاوکردنەوەی ئامارەکانو بابەتەکان.

کەسێك پرسیاری ئەوەی هەبوو ئەو هەموو ساڵە کارتان بۆ بنبڕکردنی خەتەنەکردنی مێینە کردووە چیتان ئامادەکردوە بۆ ٦ی فبرایەری ئەمساڵ؟ منیش وتم هیچ!! دواتر بەگرنگم زانی ئەم بابەتە ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی ٦ی فبرایەر هۆشداری بێت کە مەترسی دیاردەکە لەم ناوچەیەی ئێمەدا هێشتا زۆر مەزنە!؟ بەدەنگەوەهاتنو رووبەڕووبوونەوەکانیش لەوپەڕی لاوازیدان.

**سەرنج: ئەم بابەتە بۆچوونی تایبەتییە نەك رێکخراو.**

**★ رێکخەری پرۆژەکانی رێکخراوی WADI ئەڵمانی.**